# دیفاعی راستەقینە لە اتحاد مجالس، دیفاعە لە یەکگرتوویی ریزەکانی

**وەلامیك بە وەلامی هاوری موید احمد** **ریبوار ئەحمەد**

هاوریم موید ئەحمەد لە وەلامی نامە کراوەکەی من بۆ رابەرانو هەلسوراوانی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان نوسراویکی بلاوکردوەتەوە. نوسراوەکەی هەر وەکو بە ناونیشانو بە محتەواکەشیدا، زەق‌و بەرجەستەیە، بریتیە لە ئیدانەنامەیەکی تورە، تا ئەوەی لیکدانەوەو هەلویستیکی سیاسی مەتین بیت. لە سەرتاپای نوسراوەکەدا هۆو ریشەی سیاسی ئەم رووداوەی ناو اتحاد مجالس لە روانگەی هاوری مویدەوە بریتیە لە بوونی کەسانیکی شەریرو ئاژاوەگیرو کودەتاچی، ئەمانەش بەشیکن لە تجسیدی چەپی تەقلیدی لە حیزب‌و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و کریکاری عیراقدا. لە روانگەی هاوری مویدەوە ئەگەر کۆمۆنیستە کریکاریەکانی عیراق بتوانن ئەم کۆمەلە کەسە شەریرو ئاژاوەگیرو کودەتاچیانە ئیدانەو دەمکوت بکەن، ئەوە ئاسۆیەکی تازە بەرووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و کریکاریدا دەکریتەوە. پیش هەموو شتیك پیویستە بلیم کە سەرنجیکی کورت لە مامەلەی کۆمۆنیزمی کریکاری‌و شەخصی منصور حکمت لەگەل ئەو کیشمەکیش‌و ئیختلافاتە سیاسی‌و لیکجیابونەوانەدا، کە پیشتر روویدا، بە رۆشنی نیشانیدەدا، کە ئەم تصویرەی هاوری موید بۆ ئەو کیشانەو هۆو زەمینەکانی، تەبایی لەگەل تصویری کۆمۆنیزمی کریکاری نیە. بەلکو هەمیشە لایەنی بەرامبەر تفسیری بەم جۆرەیان هەبوە بۆ زەمنەو هۆکارەکانی ئەو کیشەو رووداوانە.

هاوری موید هەروەها یەکەمین هەلویست و یەکەمین هۆی مخالەفەتی خۆی لەگەل نامەکەی من بەوە دەستنیشان کردوە کە من لەو نامەیەدا بی لایەنیم نەکردوە بەلکو لایەنگریم کردوە. هەلبەت من بە هیچ جۆریك لەو نامەیەدا ئیدعای بێلایەنیم نەکردوە، بەلام لە هەمانکاتدا بە هیچ جۆریك لایەنگریم لە هیچ یەك لەو دوو لایە نەکردوە کە لە کیشەدان لەگەل یەك، من زۆر بە رۆشنی‌و سەراحەت لایەنگری خۆمم بەیان کردوە، ئەمە شتیك نیە کە هاوری موید بە تحلیل تشخصی بدات، راشکاوانە جەختم لەسەر ئەوە کردوە کە من لایەنگری یەکگرتوویی ریزی ئیتحاد مجالسم‌و پیشنیارەکانی خۆشم لەسەر ئەم بناغەیە دارشتووە. هەرکەس رەخنەو سەرنجیکی هەیە لەسەر ئەمە پیشوازی لیدەکەم کە بینوسی، بەلام چاوپۆشی لەمەو داتاشینی لایەنگری من بۆ یەکیك لەو دوو لایەی لە کیشەدان جگە لە خۆلادان لە مەسەلەی ئەصلی نامەکەی من هیچی تر نابیت.

من گومانم لەوە نیە کە جەخت لەسەر یەکیتی ریزی ئیتحاد مجالس، خۆی جهەتگیریەکی تایبەتەو کەم تا زۆر لەگەل هەموولایەنەکانی کیشەکاندا دەکەویتە ناکۆکیەوە، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە هەر لایەکی ئەو کیشانە بەرنامەی تایبەتی‌و جیاوازی خۆی بەرامبەر لایەنەکەی تر دارشتووەو تەنانەت هەنگاوی بە کردەوەیان ناوە. بەلام من پیم وابوو ئیستاش هەر پیم وایە ئەگەر جهەتگیری تەوحیدی بەهیزبوایە هەموو لایەنەکانی ناو ئەو کیشەیە یان ناچاردەبوونو دەهاتنە پشتی‌و دەستیان لەو جهەتگیریانە هەلدەگرت کە کیشەکەی گەیاندوەتە ئاستی پەرتەوازە بوونی ریزی ئەو ریکخراوە، یان ئەوەندە لاواز دەبوو کە نەیدەتوانی ببیتە مایەی پارچە پارچە کردنی ریزی ریکخراوەکە.

بۆیە رەخنە لە نامەکەی من دەبی لەوە راشکاوانەتر بیت کە بێلایەنیم نەکردوە، دەبی راستەوخۆ لەسەر مەسەلەیەك کە جەختم لەسەر کردوە قسە بکریت. هاوری عمری خەتات زۆر بە رۆشنی ئەم کارەی کردوەو رەخنەی رۆشنی خۆی لە باسی من سەبارەت بە پاراستنی یەکیتی ریکخراوەکە گرتووە. بەرای من کاریکی باشی کردوە کە رای خۆی سەریح بەیان کردوە، هەر بۆیە من هەولدەدەم لەم نوسراوەیەدا سەرنجیکیش بدەمە نوسراوەکەی ئەو. هاوری مویدیش هەمان روانگەی هەیە بەلام بە ئەندازەی ئەوەی هاوری عمر راشکاو نیە.

مانای قسەکەی هاوری موئەیەد، ئەوەشی تیا هەیە کە من لەو نامەیەدا داوەریەکی مونصفانەم نەکردوە، خەتاکانو هەلەکانم کیشانەو پیوانە نەکردوە، رەخنەم لە کارە هەلەکان نەگرتووە، ئینشقاقی پیشووی ناو ئەم ریکخراوەو دەوری ئەوانەی ئینشقاقیان کردوە لەبەرچاو نەگرتووە..و...بە ووتەی هاوری موید ئیدانەم نەکردون. بەلام من هیچ کات لە نامەکەمدا ئیدعای ئەوەم نەکردوە کە من دەمەوێ داوەری بکەم‌و لەم داوەریەدا مونصیف بم، بۆیە جیگای سەرسورمانە کە لە خۆوە لەم روانگەیەوە نامەکەی من هەلدەسەنگیندریت‌و دەوریك کە من نە ئیدعایم کردوەو نە دەمەوی بیگیرم بۆم فەرز دەکریت. من هەر وەکو لە پیشەوە ووتم بانگەوازی توحیدم کردوەو لەم جهەتەدا بۆچونی خۆم‌و تەرحی خۆم داوە، بۆیە پیم وابوو کە ئەگەر ئەمە بە هدف دیاری بکەین دەبی هەموو ئەو کیشەو مەسەلانە وەلابنرین کە هەرەشە لە توحیدی ریکخراوەکە دەکات. ئەمە منتقیکە کەسیك دەتوانی مخالف یان موافقی بیت.

بنەمای ئەم تصورەی من ئەوەیە کە پیم وایە بەرژەوەندی بزووتنەوەی کریکاریو خودی ریکخراوی ئیتحاد مجالس، تا ئەو جیگایەی کە پەیوەست بەم مەسەلەیە بیت، بەر لە هەموو شت لە گرەوەی یەکریزی ئەم ریکخراوەدایە، نەك لەوەی کە تەرکیبەی رابەریەکەی چۆن بیت، جیگاوریگای مەیلەکان چی بیت؟ کی سەرۆكو کی نایب بیت؟ خەتاکاران ئیدانە بکرین.. بۆ ئەم مەسەلەیەش بەلگەی خۆم هەیە ئەوە نەبیت ئەمە مەسەلەیەکی مەبدەئی و نەگۆرو دائمی بیت بەلامەوە. بەلکو لە رۆژگاریکدا کە من یەکیتی بە مەسەلەی ئەصلی دەزانم، ئیتر پیم وایە مەسەلەی ئەصلی ئەوەیە کە بەرامبەر هەموو ئەو رەوشتو بۆچونو تەفەکوراتە راوەستم کە ئەم یەکیتیە دەخاتە خەتەرەوە.

بە بروای من لە حالیکی وادا، کە ئیمە لەبەرامبەر هەرەشەی پارچە پارچە بوونی ریکخراویکدا قەرارمان گرتووە، خولانەوە لە بازنەی هینانو بردنو کیشانەو پیوانەکردنی خەتاکانو هەلەکاندا، لە روانگەی کۆمۆنیزمی کریکاریەوە، کاریکی بی هودەو لە هەمان کاتدا بە تەواوی هەلەیە. ئەمە خولانەوەیە لە بازنەی داخراوی کیشەکان، ئاوکردنە بە ئاشی کیشەکاندا، دەورگیرانە بەباری قولکردنەوەی کیشەکان، نەك ریگاچارە پەیداکردن بۆیان. لەو حالەدا یان دەبی بە بەلگەی رۆشن نیشانبدەین بۆ ئەوەی کە قەیدی نیە با ئەو پارچە پارچە بوونە رووبداتو بە بەلگەی رۆشن نیشانیبدەین کە ئەوە لەم ساتەدا بە قازانجی بزووتنەوەی کریکاریەو بە قەولی هاوری عمر "دیفاع لە مەیلی رادیکال ئەصلە نەك یەکیتی چینایەتی کریکاران"، یان لە راستیدا هەتا بەبی بەلگە هینانەوە جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە پاراستنی یەکریزی مهمە. بە هەرحال کاتیك کیشەکە گەیشتە ئەم ئاستە، واتە یان ئینشقاق یان یەکریزی، تەنها پرسیاریکی اساسی مەترەحە، ئنشقاق ببیت یان نا؟ لە روانگەی کۆمۆنیزمی کریکاریو بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی حەیاتی ریکخراوبوون بە تایبەتی لە هەلومەرجی ئیستای عیراقدا، نەك هەر هیچ پیویستیەکی کۆمەلایەتی لە پشتی ئەم ئینشقاقەوە نیە کە بکری دیفاع لە ئینشقاق بکریت، بەلکو پیویستی حەیاتی یەکگرتویی لە هەموو کات بەرجەستەترە. بۆیە جەخت لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی چینایەتی هەتا بەلگەی ناوی. کاتیکش بتەوی توحید مسۆگەر بکەیت ئیتر دەبی ریگای توحید بخەیتەروو، ریگای توحیدیش رۆچون بۆ ناو ئەو کیشانە نیە کە خۆیان بە بنبەست گەیشتوونو گەیشتونەتە سەر لیواری جیابونەوە. بە بروای من نوسراوەکەی هاوری موئەیەد لە ناوەرۆکدا دیفاعە لەم ئینشقاقەو تیئوری بۆی دارشتوە، بەلام هەم سەریح نەبووە لەمەداو هەم هیچ بەلگەیەك بۆ پیویستی کۆمەلایەتی ئەم انشقاقە نیشان نادات.

بۆ نمونمە هاوری عمر سەریح ئەمەی راگەیاندوە. یەکیك لە میحوەرەکانی رەخنەکەی ئەو لە نامەی کراوەی من ئەوەیە کە بۆچی بەبی لەبەرچاو گرتنی ئەوەی لە ناو کریکاراندا مەیلی سیاسیو فکریو کۆمەلایەتی جیاجیا هەیە، باسی یەکیتی کریکاران دەکەم. ئەمە بۆچونو سوننەتیکی ناسراوە لە بزووتنەوە چەپدا ئینسان دەتوانی راشکاوانە لەسەری بدویٚ. بەلام قسەکانی هاوری موید کە هەمان مەنتقی هەیە بەم سەراحەتە بەیان نەکراوە.

بۆچونی هاوری عمر ریكو راست هەر بەو جۆرەی لە میژووی چەپی سوننەتیدا هەزاران نمونەی هەیە، بە ناوی رادیکالیزمو بەرگری لە مەیلی رادیکالەوە، بەرگری لە تیئوری ئینشقاق دەکات لە بزووتنەوەی کریکاریدا، پاساو بۆ پیویستی پارچەپارچە بوون دەهینیتەوە، کەچی هەر خۆیشی لایەنی بەرامبەری خۆی بە ئینشقاقیو کودەتاچی دەزانیٚ. ئەوەندەش لەم تیئوریە قولبوەتەوە کە رەخنەی ئەوە لە من دەگریت بۆچی پیداگری لەسەر "وەحدەتی چینایەتی کریکاران" دەکەم. تەنانەت بەم دەلیلە وای قەزاوەت لەسەر من کردوە کە دەلی " **هذا التوجە ینظرالی الطبقة العاملة کطبقة بائسة غیر منظمة و حرکاتها عفویة"** چونکە ئەو پیی وایە ناکری باسی یەکگرتویی ریزی چینایەتی کریکارانی بکەیت بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی میولی فکریو سیاسی جۆراوجۆر لە ناو کریکاراندا هەیە. تەنانەت ئەو شیعارە بەناوبانگەی مارکسو ئەنگلسی بیرچووەتەوە کە لە 160 سال لەمەوبەرەوە بی قەیدو شەرتو بەردەوام وەکو بەرجەستەترین شیعاری کریکاریو تەنانەت کۆمۆنیستی بانگەوازی بۆ دەکریو لەسەر سوچی هەموو بلاوکراوەو کتابو بلاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی دەنوسریتەوە، "کریکارانی جیهان یەکگرتن!"، خۆ ناکری کەسیك پیی وابیت مارکس مەبەستی ئەوە بوبی کە کریکاران هەر دەبی لە ئاستی جیهاندا یەکگرن، بۆیە ئەگەر جیهانەکەی لی بکەیتەوە بمینیتەوە "کریکاران یەکگرن" ئیتر دەگۆریت بۆ ئەنتی تیزی شیعارەکەی مارکس. هاوری مویدیش کە مەسەلەی ئەصلی بە ئیدانەی ئەو کۆمەلە "کودەتاچیو ئاژاوەگیرە" دەزانی، هەمان شتی بە بەیانیکی تر دوپات کردوەتەوە. چونکە بۆ ئەو ئیدانەی "کودەتاچیو ئاژاوەگیرەکان "و لە باوەشگرتنی "مەیلی رادیکال" ئەصلە، نەك یەکیتی ریکخراوەکە.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا چارەسەری ئەم کیشمەکیشانە چیە بۆ ئەوەی یەکگرتویی بگیرینەوە بۆ ئەو ریکخراوە؟ ئایا ئیمە دەبی بگەرێینەوە بۆ سەردەمیك کە شیعاری "کریکاران دەبی یەکگرن" بۆ کادرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاریو حیزبی منصوری حکمت تەرویج بکەینەوە؟ یان برۆین مجادەلەی ئەو تەفەکورە بکەین کە دەیەوی شیعاری "دەبی دیفاع لە مەیلی رادیکال" بخاتە جیگای شیعاری "کریکاران

یەکگرن"؟! یان ئایا مامەڵەی دروستی کۆمۆنیستی لەگەڵ ریکخراوەی جەماوەری‌و ئەم جۆرە کیشانە بریتیە لە ئیدانە کردن؟ ئایا دەکری کۆمۆنیستەکان‌و ئەحزابی کۆمۆنیستی هەستن بە ئیدانەکردنی رابەران‌و هەلسوراوانی کریکاری‌و ئەندامانی ریکخراوەیەکی کریکاری؟ ئایا ئەمە چەند هەنگاو بۆ دواوە نیە؟ ئایا ئەمە تیئوری دابر دابر کردنی ریزی چینایەتی کریکاران نیە لەسەر بناغەی میولی فکری‌و سیاسی جیاجیای ناو ئەم چینە؟! بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە من دەمەوێ سەرنجیك بدەمە تەجروبەیەکی لەم بابەتە کە پیشوتر لە کوردستان لەگەڵی بەرەوروو بوینە. ئەوەیش تەجروبەی یەکیتی بیکارانی کوردستانە.

## تەجروبەی یەکیتی بیکاران لە کوردستان

تەجروبەی یەکیتی بیکاران لە کوردستان، تەجروبەیەکی زۆر گران بەهایە، کە من خۆزگە دەخوازم هاوریانیك کە خۆیان بە کردەوە لە رابەری یەکیتی بیکارانی کوردستاندابوون، مونصیفانە ئەو تەجروبەیە بنوسنەوەو تاریخەکەی بگیرنەوە، کە بۆچی‌و چۆن ریکخراویکی کریکاری کاریگەرو خاوەن هیزو کێشی گەورە لە ساحەی کوردستاندا، ریکخراویك کە حکومەتی هەریم لێی دەترساو خاوەنی دەیان هەزار ئەندام بوو، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە هەڵم‌و چوو بە حەوادا؟!

من لیرەدا تەنها لە پەیوەند بەم کیشەیەی ئیستای اتحاد مجالسەوە سەرنجیك دەدەمە ئەو تەجروبەیە. یەکیتی بیکاران دوای چەند سال هەلسوران، بەو هیزە گەورەیەوە کە هەیبوو ئاکسیونیکی سەراسەری لە کوردستان راگەیاند لە پیناو خواستی دابینکردنی ژیان، رۆژی 19-6-1993ی راگەیان بۆ بەریخستنی ئەو ئاکسیونە. حکومەتی یەکیتی و پارتی ترسیکی گەورەیان لێنیشت، بۆیە کەوتنە پەلەقاژە بۆ بەرگرتن لەم ئاکسیونە. هەرەشەو گورەشەی دنیایان کرد، رابەرانی یەکیتی بیکارانیان خستە ژیر هەرەشەو فشاری توندەوە، فراندیانن و... هاوکاتیش جەلال تالەبانی بانگی کردن بۆ دیدار، لەو دیدارەدا دوای هەرەشەو چاوسورکردنەوەیەکی زۆر، وەکو دەگیرنەوە تەنانەت هەرەشەی بەکارهینانی دەبابەشی کردوە، لە کۆتایشدا کۆمەلیك تەوجیهاتی خستەبەردەمیان بە مەبەستی شەلەل کردن‌و لە باربردنی دەوری رابەری یەکیتی بیکاران‌و دابرینی لە بزووتنەوەی کریکاری‌و کۆمۆنیستی. بۆ ئەم مبەستەش کەوتە دارشتنی پیلان. لە ژیرباری ئەم زەخت‌و هەرەشەو پیلانگیرانەدا، بالیك پەیدابوو لە نیو ریکخراوەکەدا دەیوست لەسەر داواکەی جەلال تالەبانی، بەیانیك بدات‌و تیایدا داواکەی بگونجینی‌و جێبەجێی بکات، بە تایبەتیش باسی ئەو بکات کە یەکیتی بیکاران نە مەبەستیەتی‌و نەدەیەوی حکومەتی هەریم بروخینێ، لە کاتیکدا یەکیتی بیکاران لە هیچ جیگایەك حەرفیکی لەسەر روخاندنی حکومەتی هەریم نەوتبوو.

سەرئەنجام ئەم وەزعە یەکیتی بیکارانی دوچاری کیشەو ناکۆکیەکی قوڵی ناوخۆیی کردو خستیە بەردەم هەرەشەی پارچە پارچە بوون. راستە پیلانەکە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە داریژرابوو، بەشیك لەوانەش کە ئینشقاقیان کرد بە ناوی بزووتنەوەی چەپ‌و شورایەوە راستەوخۆ پەیوەست بوون بە یەکیتیەوە. ئەمەش بەلگەیەکی ئاشکرابوو لەسەر مەیلی فکری‌و سیاسی ئەوان.

بەلام مەیلی سۆسیالیستی بە دەخالەتی راستەوخۆی حیزبی ئیمە ریك‌و راست کەوتە بۆسەی نەخشەیەکەوە کە ناسیونالیزمی کورد بۆ شەلەل کردن‌و لیکبلاوکردنی ئەو ریکخراوە دایرشتبوو. بۆیە لە جیاتی ئەوەی ریگایەکی گونجاوو حەکیمانە هەم بۆ چارەسەری ئەو کیشانەو هەم بۆ پاراستنی یەکیتی ئەو ریکخراوە بخاتەروو، بە ناوی بەرگری لە رادیکالیزم‌و خەتی سۆسیالیستیەوە، بە هەردوو پی خۆی هەلدایە ناو ئەو کیشانەوە کە خولقیندرابوو، لەمەش زیاتر دەخالەتی حیزب بووە مایەی قولکردنەوەی زیاتری کیشەکان. هەر بەو جۆرەی ئەمرۆ هاوری موید لیمان داوا دەکات، بی باك لەوەی کە چارەنوسی یەکیتی بیکاران چی بەسەر دیت، کەوتە ئیدانە کردنی لایەنگرانی پیشنیارو داوای جەلال تالەبانی‌و هەر بەو جۆرەش کە هاوری موید ئیستا داوای دەکات کەوتە دانانی مەرجی پەشیمان بونەوە بۆ ئەو باڵەی ترو شتیك لە بابەتی ئەو داوای لیبوردنەی ئیستا هاوری موید لە "کودەتاچی‌و ئاژاوەگیرەکان"ی داوا دەکات، هەروەکو دەڵی ". انهم مدعوون قبل كل شئ الى التراجع عن هذه الممارسات وهذا المسلك وتقديم الاعتذار الرسمي". سەرئەنجامیش ریکخراوەکە لەبەر یەك هەلوەشاو زەربەیەکی گەورەی خوارد. ئەنجامە عەمەلیەکەش بوو بەوەی کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و کریکاری، بە دیاریکراویش بزووتنەوەی بیکاری لە کوردستان زەربەی گەورەی خواردو ئامرازیکی کارای خەباتی خۆی دوچاری پاشەکشەیەکی گەورە کرد.

دوای ماوەیەکی زۆر بە دەخالەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران‌و شخصی منصور حکمت، رابەری حیزبی ئیمە بەو قەناعەتە گەیشت کە دەخالەتیکی هەلەو نادروستی کردوە، بۆیە لەسەر ئەم بناغەیە لە هەلویستی پیشوی خۆی پەشیمان بووە، وە ئەمجارە بوو بە لایەنگری بی قەیدو شەرتی هەردوو بەشەکەی یەکیتی بیکاران‌و لە هۆلی رۆشنبیری جەماوەر لە مانگی ئۆکتۆبەری 1996دا ئەو یەکگرتنەوەیە

بەسەرپەرشتی حیزب پیکهات. ئەمە تەجروبەیەکی عەمەلیە دەکریت بەراوردی بکەینو کیشەکانی ئیستای ناو اتحاد مجالسو نامە کراوەکەی منو ئیدانە نامەکەی هاوری مویدیشی پی هەلسەنگینین.

## ریکخراوە پیشەییەکانو چەپی تەقلیدی

سەراسەری ئیدانە نامەکەی هاوری موید، پرە لە دەستەواژەی سونەتەکانی چەپی تەقلیدیو مەحکوم کردنی ئەو سونەتانە. بەلام لە یەك رستەشدا خۆی نەداوە لەوەی کە ئەو سونەتانە چینو بە کام پیوانە بۆچونەکانی خۆی مارکسیستیو کریکاریو ئەوانی دیکە چەپی تقلیدین. منیش پیم وایە پاشماوە گیانسەختەکانی چەپی تەقلیدی لە حیزبو بزووتنەوەی ئیمەدا یەکیکە لە مانعە هەرە سەرەکیەکانی ریگای گەشەکردنو تەبدیلبونی حیزب بە حیزبیکی سیاسی. بۆیە نقدکردنی ئەو سونەتانە مەیدانیکی نەبەردی گرنگی کۆمۆنیزمی کریکاری هاوچەرخە. بەلام سوننەتی چەپی تەقلیدی تۆمەتو جنیویك نیە کە کۆمۆنیستەکان بیگرنە یەکتری، بەلکو کۆمەلیك بۆچونو شیوەکارو سوننەتە کە دەبی تحدید بکریتو نقد بکریت. واتە ئەو کارەی کە هاوری موید بە هیچ جۆریك خۆی لە قەرەی نەداوە. من لەم نوسراوەیەدا هەولدەدەم چەند نمونەیەك باس بکەم.

چەپی تەقلیدی ریکخراوەی پیشەیی نەك وەکو ریکخراوەیەکی لە رووی ریکخراوەیەوە بە تەواوی سەربەخۆ، بەلکو لە روی ریکخراوەیەوە بە پاشکۆی حیزبو لە روی عەمەلیشەوە بە پێشجەبهەی حیزب دەزانی بۆ ئەوەی وەکو واجهەیەك کارەکانی خۆی پی ئەنجام بدات. نمونەیەکی بەرجەستەی ئەمەش ئەوەیە کاتیك کیشەیەکی ناوخۆی تیایدا سەرهەلدەدات، لە جیاتی ئەوەی بە نفوزی کەلامو دەوری سیاسیو مەعنەوی خۆی دەوری چارەسەر بگیریت، دەخالەتی تشکیلاتی راستەخۆ دەکاتو دەکەویتە صادر کردنی حوکمو ئیدانەو مەحکوم کردنی مخالفینی خۆیو دانی مەدالیاش لە یەخەی لایەنگرانی خۆی. تا رادەی ئەوەی مخالفینی خۆی دەکات بە پیلانگیروو لایەنگرانی خۆیشی بە فریشتە. یەکیك لە رەوشتە هەرە بەرجەستەکانی چەپی تەقلیدی ئەوەیە کە لە جیاتی دەخالەتگەریو گیرانی دەوری رابەریو سازدەر، پەنا بۆ مەحکوم کردنو ئیدانەکردن دەبات. چەپی هاوچەرخ بە ئیدانەکردن مشهورە. سەرباری هەستانی بە کردەوە بە هەموو ئەمانە، بە سەر زارەکی باسی سەربەخۆیی ریکخراوە پیشەییەکان دەکات.

لە روانگەی چەپی تەقلیدیەوە یەکیتی ریکخراوە پیشەییەکان وەکو چوارچیوەیەك بۆ یەکریزی خەباتی کریکاران بە هەموو مەیلو خەتو ختوتەکانیەوە، ئەصل نیە. بەلکو دەوری خۆیو مەکانەتی خۆیو تەبعیەتی ئەو ریکخراوە لە خۆی ئەصلە. نسبیەتی سیاسی روانگەی چەپی تقلیدیە بۆ مامەلە لەگەل ریکخراوە پیشەییو غەیرە حیزبیەکان. بۆیە ئەو ریکخراوەی دەوری رابەری لایەنگرانی ئەوی تیا نەچەسپێ، کاندیدی ئەو نەکات بە سەرۆك، پیرەوی لە بۆچونی ئەو نەکات، بەکەلکی هیچ نایاتو باشترە پارچە پارچە بیت بە نرخی ئەوەی کاندیدی ئەو سەرۆکایەتی تەنانەت یەکیك لە پارچەکانی بۆ مسۆگەر بیت.

سوننەتیکی باوی چەپی تقلیدی بریتیە لەوەی کە هەمیشە خۆی بە وەکیلی کریکاران دەزانیو لە جیاتی کریکارانو ریکخراوەکانیان بریار دەدات، تەنانەت شەرعیەتو نا شەرعیەتی هەر بریاریکی ریکخراوەیەکی کریکاری لە گیرفانی خۆی دەردەهینی. ئەو بریارەی متابقی بۆچۆنو بەرژەوەندیەکانی خۆی بیت بە شەرعی دەزانیو ئەوەی پێچەوانەی ویستو ئارەزووی بیت بە نا شەرعی لەقەلەم دەدات. قانونو میکانیزمی بریارو کاری ئەو ریکخراوانە جیگایەکی نیە بۆ حوکمدان لەسەر ئەم مەسەلەیە. لە روانگەی چەپی تقلیدیەوە میکانیزمە قانونیو پەسەندکراوەکانی ریکخراوەی پیشەیی، شتیکی روالەتیو نمایشیە، میکانیزمی عەمەلیو واقعی بۆ بریاردانو بونو نەبونی شەرعیەتی بریار لە روانگەی چەپی تقلیدیەوە، بریتیە لەوەی کە بەپێی ئیختیاری خۆیو لە سەروی میکانیزمە قانونیەکانو لە ریگای بازدان بەسەریاندا دەبریتە پیشەوە.

من نامەوێ لەسەر رووداوو کیشەو لیکدابرانەکانی ناو اتحاد مجالس قەزاوەت بکەم. لە راستیشدا بە هەموو باوەریکمەوە لایەنگری هیچ لایەکیان نیمو پیم وا نیە هیچ لایەکیان بەدیلو وەلامی مەسەلەی ئەصلی ئیستای بزووتنەوەی کریکاری عیراق بن، هەرکاتیك لە مەیدانی واقعدا، هەر ریکخراویك بوو بەم بەدیلو وەلامە، تەنانەت ئەگەر ئیختلافیشمان لەگەلی هەبیت، پیویستە پشتیوانی لی بکەین. ئیستاش وەزیفەی ئیمەیە کە بە هەموو توانا هاوکاریو پشتیوانی لە هەموو ئەو هەلسوراوو دەستەو کۆروکۆمەلو ریکخراوە کریکاریانە بکەین، کە هەولدەدەنو دەیانەوی وەلامی ئەم مەسەلەیەو ئەو فەراغە بدەنەوە. ئەو مەسەلەیەش بە بروای من بریتیە لە غیابی ریکخراوەیەکی پیشەیی جەماوەریو خاوەن نفوزی کریکاری کە بە کردەوە لە موقعی سازدانو رابەری کردنی خەباتی کریکاران راوەستابیت. نەك بۆ نمونە

لەو کاتەدا کریکارانی نەوت هاوار لە حکومەت هەلسینن‌و سەرنجی هەموو دنیا بۆلای خۆیان راکیشن‌و بچنە مەیدانی نەبەردیکی گەورەوە، کەچی هەموو بالەکانی اتحاد مجالس کە هیچ دەورو دەخالەتیکیان لە هیچ شتیکی ئەم نەبەردەدا نیە، سەرقالی کیشەی نیوان خۆیانن‌و ئەوپەرەکەی دەخالەتیان بریتیە لە دەرکردنی بەیاننامەیەك ئەویش بە تەئخیریکی زۆرەوە.

بەلام با سەرنج بدەین بزانین هاوری موید چۆن مامەلە لەگەل قانون‌و میکانیزمی ریکخراوی پیشەیی دەکات؟ ئەو دەلی " وتم اطلاع العالم بتنصيب رئيسا جديدا، كرئيس مؤقت لاتحاد المجالس والنقابات العمالية، واصدروا امرا بعزل الرفيق فلاح علوان من رئاسة الاتحاد واعلنوا اتهامات وتشهيرات ضده. انهم قاموا بهذا العمل بطريقة تفتقر الى ابسط الاصول والموازين المتبعة في الحركة العمالية وبخرق ابسط القيم التنظيمية العمالية المعاصرة والمدنية" .

هاوری موید نەدەبو بەم جۆرە خۆی بخاتە ناو ئەم کیشەیەوە، دەیتوانی دەوریکی باشتر بگیریت، پاشان پرسیار ئەوەیە کە هاوری موید بە چ پیوانەیەك مافی ئەوە بە خۆی دەدات کە لە دەرەوەی ریکخراوەکەوە بەم قاتعیەتەوە حوکم بدات؟ بۆچی وا چاو لە مەسەلەکە ناکات کە کۆمەلیك لە رابەران‌و هەلسوراوانی ئەم ریکخراوە، هەتا ئەگەر وا دابنین کە پیشوتریش ئەم ریکخراوەیان بەجیهیشتوەو ئیستا لە دەرەوەی ریکخراوەکەن، لەگەل فەرعیکی ئەصلی ئیستای ئەو ریکخراوە کە فەرعی بصرەیە، کۆبونەتەوەو ئیقداماتیکیان کردوە، دەوری ئیمە وەکو حیزب‌و وەکو هەلسوراوانی بزووتنەوەی کریکاری‌و کۆمۆنیستی بریتیە لە خستنەروی ریگاچارە بۆ ئەو کیشانەی کە یەخەی پیگرتون، نەك ئیدانەو مەحکوم کردن‌و حوکمدان لەسەر شەرعیەت‌و نا شەرعیەتی کاریك کە هەلسوراوانی ئەو ریکخراوە خۆیان پیی هەستاون؟

وەکو ووتم من نامەوێ‌و قەناعەتم بەوە نیە کە پشتیوانی لە بریارو ئیقداماتی هیچ لایەك بکەم، بەلگەکەشم ئەوەیە کە جگە لەوەی بە بروای من دەوری ئیمە وەکو حیزب‌و وەکو هەلسوراوانیکی کۆمۆنیست، دەبی بۆ یەکگرتوکردنی ریزی اتحاد مجالس بیت‌و ئەمەش بە ئیدانەکردن یان لایەنگری لەلایەك نابیت، بەلکو دەبی هەلەکان رەخنەبکەین‌و ریگای دروست‌و عەمەلی بخەینەروو. بەلام بەدەر لەمەش من بەراستی هەلەو کاری نادروست لە هەردوولاوە دەبینم‌و ئیختلافم لەگەل کارکردو بۆچونی هەردوولایاندا هەیە، بۆیە لانی کەم لەبەر ئەمە ناتوانم لایەنگری لە شتیك بکەم کە بە نادروستی دەزانم.

بەلام پرسیار ئەوەیە هاوری موید بە پیی کام پیوانە پیی وایە " انهم قاموا بهذا العمل بطريقة تفتقر الى ابسط الاصول والموازين المتبعة في الحركة العمالية وبخرق ابسط القيم التنظيمية العمالية المعاصرة والمدنية" . لە کاتیکدا هیچ ملاحەزەیەکی لەسەر کارکردو مامەلەو رەفتاری لایەکەی تر نیە؟ من نامەوێ ئەو کارە بکەم، بەلام ئەو ئەگەر دەیەوێ لەسەری مەوازنەوە بروانیتە کیشەکان، دەبی هەر لەم روانگەیەوە کارکردی هەردولا هەلسەنگینی. ئەوە کام پیوانەیە جگە لە نسبیەتی سیاسی کە لەسەر کارکردو بریارو ئیقداماتەکانی 1-2 سالی رابردووی ناو اتحاد مجالس حەرفیکی نیە بۆ ووتن‌و باسی مەوازین‌و ئوصولی ریکخراوەیی‌و کریکاری‌و هاوچەرخ‌و مەدەنی لە ئارادا نیە، بەلام لە بەرامبەر لایەنی مخالفی خۆیدا بە حەماستەوە هەموو ئەمانە بەرجەستە دەبیتەوە.

ئەگەر بۆ مەبەستی یەکگرتویی ریزی ئەم ریکخراوە، پیویست بوایەو ئەوە دروست بوایە کە من دەوریکی وا بگیرم ، دەکرا دەیان رەخنە لە کارکردو لە هەلویستی هەردوولا بگرم‌و هیچ شتیك نەبوو لەم بارەیەوە دەستم بگریت، دوو شەقە کردنی ئەم ریکخراوە کاریکی بە تەواوی نا مسئولانەو خەتایەکی گەورەیەو من هیچ پاساویکی بۆ نابینم، تانەو تەشەر لەیەکدان لە هەردوولاوە، خەتایەکە کە بەراستی دەبی مەحکوم بکریت، بازدان بەسەر ئۆرگان‌و مەوازین‌و میکانیزمی کارو بریاری ریکخراوەی پیشەییدا، بە هیچ بەهانەیەك قابیلی قبول نیە. من هەموو ئەمانە لە هەردوولاوە دەبینم. بەلام نامەوی‌و ئەرکی من نیە بیم ئەمانە ریز بکەم. بەلام مادام هاوری موید هاتوەتە ئەم مەیدانەو ئەم کارەی بە شیوەیەکی یەکلایەنە کردوە، با لەم بارەیەوە وەکو پرسیار چەند پرسیاریکی بخەینەبەردەم. ئایا کاتیك زۆربەی رابەری هەلبژیردراوی ریکخراویکی پیشەیی کەوتنە کیشەوە لەگەل سەرۆك‌و تەنانەت بەشیکیان وەکو دەربرینی نارەزایەتی بەرامبەر مامەلەی سەرۆك ریکخراوەکەیان بەجیهیشت، بەپیی مەوازین‌و ئوصول نەدەبوو لیکۆلینەوەیەك لەم کیشەیە بکریت‌و لانی کەم بە کیشەیەك دابنریت؟ ئایا کاتیك زۆرینەی هەلبژیردراوانی کۆنگرە وازبینن، بەپیی ئوصول‌و مەوازین نابی دەستبەجی کۆنگرە بکریت؟ ئایا ئەوە شەرعیەتی هەیە کە هەروا بە ئیرادەی سەرۆك هەموو دەسەلاتی رابەری هەلبژیردراوی کۆنگرە بدریت بە ئەقەلیەتیکی ئەو رابەریە؟ ئایا بە پیی مەوازین ئەقەلیەتیکی هەلبژیردراوی کۆنگرە دەتوانن خۆیان کەسانیکی تر لە جیگای ئەو هەلبژیردراوانەی کۆنگرە تەنصیب بکەن‌و ناوی بنین هەلبژاردنی تەکمیلی؟ ئایا کین ئەوانەی لەم هەلبژاردنانەدا مافی دەنگدانیان بووە؟ بە نوینەرایەتی کی دەنگیان داوە؟ چون دیاری کراون‌و بوون بە نوینەر؟ خۆ کاندید کردن چۆن‌و بۆ چ کەسانیك بووە؟ کی بریاری لەسەر ئەم هەلبژاردنە داوە؟ چ ئۆرگانیك

سەرپەرشتی هەلبژاردنەکەی کردوە؟ ئایا ئەم نوینەرایەتیو هەلبژاردنو خۆکاندید کردنو دەنگدانو چاودیری هەلبژاردنە، شمولی فرعی بصرەی اتحاد مجالسی کردوە یان چۆن؟ من نامەوی بخزیمە ناو ئەم کیشانەوە، بەلام ئەمانە تەنها چەند پرسیاریکە لە دەیان پرسیار کە لە پەیوەند بەو باسەوە دینە گۆری کە هاوری موید دەرگاکەی خستوەتە سەرپشت، بۆیە هەر دەبی داوا لە خۆی بکەین کە ئەمانەش لەگەل ئەو مەوازینەی کە باسی دەکات بەراورد بکات، پاشان داوای ئیدانەکردنی لایەنی بەرامبەرمان لی بکات.

ئیمە لە ئاستی حیزبدا وەکو ریکخراوەیەکی سیاسیو خاوەن چەندین ئۆرگانی فراوانی رابەرایەتی جەماعیو میکانیزمو ئیدۆلۆجیەکی پتەوی مارکسیستیو مەحکەم کە دەتوانی زامنی بەرگرتن لە فەردیەتو تەقەدوسی فردو تاکرەوی بیت، رابەری فەردیمان گۆری بە رابەری جەمعی. بەلام سەیر ئەوەیە ئیستا لە ریکخراوەیەکی جەماوەریدا کە بریارە بە سوننەتی شورایی کار بکات، بەم پێیەش ئەندامەکانی مافی ئەوەیان هەبیت کە هەر کەسیان هەلبژارد بە سەرۆکو بە ئەندامی ئۆرگانی رابەری، وە ئەگەر بە هەر دەلیلیك رۆژی دوای ئەوە پەشیمان بونەوە، بتوانن دووبارە کۆبنەوەو لایانبەرنو بیگۆرن بە کەسی تر، ئەمە تەنانەت لەبەرنامەی دنیایەکی باشتردا وەکو بەندیکی بنەرەتی تەسبیت کراوە، کەچی وا دیارە خەریکە ئەمجارە لە ریکخراوەی جەماوەریدا سیستەمی رابەری فەردیو بگرە نەگۆریش پیرەو دەکەین. هەولیشدەدریت ئەمە بە بۆیاخی سوننەتی مارکسیستیو کۆمۆنیزمی کریکاری رەنگبکریت.

هاوری عمر ئاگاداریی ئەوەمان پیدەدات کە هاوری فلان سەرۆکی شەرعی اتحاد مجالسەو تا کۆنگرەی داهاتوو هەر سەرۆك دەمینیتەوەو کەس بۆی نیە باس لە گۆرینی بکات. ئەمە سوننەتی شوراییە، یان سوننەتی پەرلەمانی؟! هاوریمان چۆن ئەم مافەی بە خۆی داوە کە لە دەرەوەی ریکخراوەکەوە ئەم حوکمە بە ئەندامانو هەلسوراوانو رابەرانی ئەو ریکخراوە رابگەیەنیت؟ شەرعیەتو ناشەرعیەت بە دەستی ئەوە یان بە دەستی ئەندامانی ریکخراوەکە؟ ئایا ئەمە رەخنەکردنی چەپی تەقلیدیە یان مومارەسەیەکی ئیفراتی سوننەتەکانی چەپی تەقلیدیە؟ من نازانم هاوری فەلاح خۆی چ دەلیت لەسەر ئەمە، بەلام وا دەزانم ئەم قسەیە دیفاع نیە لە شەخصیەتی ئەو بەلکو لە دژیتی وە دەبوو خۆی وەلامی بداتەوە.

تازە بەدەر لە سوننەتی شورایی سەرۆکی اتحاد مجالس هەلیژیردراوی مەکتەبی تەنفیزیە، پەیوەندی بە کۆنگرەوە چیە؟ لە هەموو جەلسەیەکی مەکتەبی تەنفیزیدا دەکریت بگۆردریت. ئەمە نە کفرە نە تاپۆ نە تەردە و نە عەزل، هەلبەت ئەم قسەیەی من مانای لایەنگریو بانگەواز نیە بۆ گۆرینی سەرۆك لە هەموو کۆبونەوەیەکدا، بەلکو ئەمە قسەیەکە لەبەرامبەر بۆچونیکدا دەیکەم کە هیچ نزیکایەتیەکی لەگەل مارکسیزمو سوننەتی شوراییو مەوازینو میکانیزمی مودیرنی ریکخراوەی پیشەیدا نیە. سەرۆکی مارکسیستیو جەسوریش ئەوکەسەیە کە لە کاتی پیویستدا خۆی دەستپیشخەری بکات بۆ پیادەکردنی ئەم سوننەتە. ئەمە بە پیچەوانەی بۆچونی هاوری موید تەردو عەزلی اختیاری رابەران نیە، بەلکو سوننەتیکی کۆمۆنیستیو تەنانەت دیموکراتیکە بۆیە ناوبردنی بە تەردو عەزل سوننەتیکی غەیرە کریکاریو غەیرە کۆمۆنستیو ناکۆکە لەگەل سونەتی شورایی و ئەنجامەکەشی دەکاتە بە زۆر داسەپاندنو ریگاگرتن لە مافیك کە لە بەرنامەدا تەسبیت کراوە. رابەری جەسوری کریکاریو کۆمۆنیست نابی لە هەلبژاردن بترسیت. هاوری فەلاح ئەگەر لە کاتی خۆیدا وەلامی ئەم مەسەلەیەی بدایەتەوە خۆی پێی گەورە دەبوو، دەیتوانی بەر بە زۆر کیشەش بگریت کە ئەمرۆ دوچاری بوینە.

سونەتیکی ئاشنای چەپی تەقلیدی ئەوەیە کە هەولدەدات مخالفینی بۆچونەکانی خۆی بە خائینو خزمەتچی بورژوازی تۆمەتبار بکات. ئەمە خۆی لە هەمان کاتدا بەلگەی لاوازیی مەنتقی سیاسیە. هاوری موید نەدەبوو دەست بۆ ئەو گەنجینەیە ببات کە مخالفینی خۆی بە "کودەتاچیو ئاژاوەگیر" لە قەلەم بدات. ئەم دەستەواژە ئاشنایانە هیچ کات مارکسیستەکان ئیختراعیان نەکردوە، ئەمە دەستەواژەی بزووتنەوەکانی ترە کە بە زۆری لە دژی کۆمۆنیستەکان بەکاریانهیناوە. کەم بە خۆمانیان نەوتوە "ئاژاوەگیر". لە ئاستیکی فراواندا بە شۆرشی 1917ی روسیە دەلین "کودەتای کۆمۆنیستەکان". بەلام جیگای داخە کە هاوری موید لەمەش زیاتر قولبوەتەوەو دەلی " لقد قدمت هذه المجموعة هذا الاختراع الجديد وهذا التشهير الشخصي بقائد عمالي ورئيس منظمة عمالية راديكالية في العراق كهدية للبرجوازية واحزابها وقواها الرجعية" ئیتر ئەمە نە باسی سیاسیەو نە بەلگەو مەنتقی تیایە. هاوری موید دەیتوانی نقدی توندی ئەو شتە بکات کە پێی وایە تشهیری شخصیە، بەلام ناوبردنی ئەمە بە "كهدية للبرجوازية واحزابها وقواها الرجعية" دەکاتە ئەوەی کە ئەگەر دەسەلاتمان هەبیت بە تۆمەتی خزمەتکردن بە بورژوازیو دیاری دان بە حیزبو هیزە کۆنەپەرستەکان، دادگاییان بکەینو بیانخەینە زیندان. ئەمە نقد نیە، ئەمە نزیکایەتی لەگەل سوننەتی مارکسیستی نیە، ئەمە فایل سازیە بۆ کەسانیك کە کیشەو خیلافی

سیاسیت لەگەلیان هەیە. هەرکەسیك بۆچونو کارکردی هەرکەسیکی پی نادروست بیت، دەتوانی نقدی بکات وەکو بۆچونو فکرو پراتیك، بەلام لە سونەتی کۆمۆنیستی کریکاریدا، ناکری خاوەنی ئەو بۆچونو فکرو پراتیکانە بە دیاریدان بە بورژوازی خەتابار بکرین.
یەکیك لە بەلگەکانی هاوریان بۆ ئەو جۆرە قەزاوەتو هەلویستگیریو ئیدانەکردنەی پیی هەستاون، ئەوەیە کە اتحاد مجالس ریکخراویکی رادیکالەو ئەوان بە ئەرکی کۆمۆنیستەکانی دەزانن کە بەرگری توند لە بالی رادیکالی ناو ئەم ریکخراوە بکەنو بەرامبەر "کودەتای" بالی نا رادیکال راوەستن. بەلام پرسیاری من ئەوەیە کە رادیکالیزمی ئەم بالە لە مەیدانی واقعی کۆمەلایەتیدا رەنگدانەوەکەی چۆنەو چ کاریگەریەکی رادیکالی بووە لەسەر کۆمەلگاو ئەو موحیتە کۆمەلایەتیەی تیایدا قەراری گرتووە؟ چەندە کریکارانی لە دەوری ئەو رادیکالیزمە سازداوەو هیناوەتە مەیدان؟ تا بکری بیکەین بە بەلگەیەك بۆ ئەم شەرو کیشەیە. رادیکالیزم هەر قەسە نیە، بەلکو مانای عەمەلیو کۆمەلایەتی رادیکالو سەرئەنجامیش دەسکەوتی رادیکالی هەیە. بەیاننامەی رادیکالو تەرحی رادیکالی سەر کاغەزو قسەی رادیکال... ئەگەر تەبدیل نەبیت بە پراتیکی کۆمەلایەتی رادیکالو دەسکەوتی گەورەترو رادیکالتر بۆ نمونە لەوەی کە نەقابەی کریکارانی نەوتی بصرەی نا رادیکال خەباتی عەمەلی بۆ دەکات، بایەخەکەی لە چیدایە؟ وەکو تەجروبە حیزبی ئیمە لە کوردستان لە سەرەتاو ناوەراستی نەوتەکاندا حەرەکەتیکی کۆمەلایەتیو رادیکالی لە دەوری مەسەلەی ژنان بەریخست، بە توندیو لە ئاستیکی کۆمەلایەتیدا چو بەگژی دابو نەریتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیو عەشایەریو ناسیونالیستیدا، هەروەها کۆمەلیك شیعارو خواستو سونەتی رادیکالی لە ئاستی کۆمەلایەتیدا هینایە ئاراوە، کە تا ئیستا کاریگەریە کۆمەلایەتیەکەی بە ئاشکرا دەبینریت. بەلام لە روانگەی چەپی تقلیدیەوە رادیکالیزم بریتیە لە شیعاردان.

## ووتەی کۆتایی

کیشەیەکی نوسراوەکەی هاوری موید ئەوەیە کە باسیکی کردوە بۆ باس، کۆمەلیکی ئیدانە کردوەو وەکو تاوانباری کۆدەتاچیو ئاژاوەگیر ئیدانەو خەتاباری کردون، کۆمەلیکیشی وەکو فریشتە لە باوەش گرتووە. بەلام بەو جۆرەی لە سوننەتی حیزبی سیاسیدا هەیە، نوسراوەکەی نەگەیاندوە بە ئەنجامگیریەکی دیاریکراو، کە بکری وەکو سیاسەتیکی رۆشن لە قالبی بریاریکدا بیتەبەردەستی حیزب. کە ئەمە خۆی میکانیزمی ئالوگۆرە لە سیاسەتی ئەحزابدا. ئەگینا من نازانم ئەو باسە هەدەفی چیەو دەبی چی بکات؟ ئەو هەموو مقولاتی چەپی رادیکال و سوننەتی مارکسیستیو کۆمۆنیستیەی لەو نوسراوەدا بەکارهاتووە، بە چ ئەنجامیك دەگات؟ دروست وایە باسیکی وا بە سیاسەتیکی دیاریکراو ئەنجامبگریت.
لە کۆتایدا من هاوری مویدو هەموان بانگەواز دەکەم، بریك لەو کیشەو بەرەیە خۆیان بهیننە دەرەوە، بە دەر لەوەی چ روویداوەو هەر کەس چ سەهمیکی بوە لەو هەلەو خروقاتو کیشانەدا، مەسەلەی ئەصلی ئەوەیە کە چۆن بتوانین ئەم پەرتو بلاویو بینەوبەردەیە کۆتایی پی بهینین؟ ئەمە بە ئیدانەو هەلویست وەرگرتنو تاوانبارکردنی لایەكو هەلنانی لایەکەی تر ناکریت. دەبی تەرحو ریگاچارەی عەمەلی هەبیت. من لەو پیشنیارانە زیاتر کە لە نامەکراوەکەمدا کردبووم، هیچی ترم شك نەبرد. ئیستاش پیم وایە هەر دەبی بەو جهتگیریەوە مامەلە لەگەل ئەم کیشەیە بکەین، تەبعەن بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئالوگۆرە تازانەوە کە دوای نامەکەی من روویداوە.
ئەگەر بتوانین ئەمە زامن بکەین، پاشان لەسەر ئەوەی کە ئیختلافمان هەیە، هیچ کیشەیەك لە ئارادا نابیت..و.... بە بروای من ئەوانە نابنە گرفت، دەکری باسی سیاسیمان بکەین، هەر وەکو ئیستا جەدەل بکەین، پاشان بۆچونەکانمان لە قالبی سیاسەتی داریژراودا بە شیوەی بریارو بریارنامە ئامادە بکەینو بیخەینە بەردەست ئۆرگانی بریاردەر بۆ ئەوەی بریاری لیبدریت. بە دیاریکراوی من بە گەرمی پیشوازی دەکەم لەم باسەی لەسەر حیزبو ریکخراوەی پیشەییو غەیرە حیزبی کراوەتەوە. بەلام پیویست نیە ئەمە بە شەقو پەق کردنی ریزی بزووتنەوەکەو ریکخراوەکانی بگات. من باسی خۆم دەکەم بەلام رەنگە تەرحی منو کاندیدی من و تصوری من دەنگ نەهینێ، لەم بارەیەوە نابی هیچ کیشەیەکم هەبیت. بەلکو ئەرکی منە کاری زۆرتر بۆ بۆچونەکەی خۆم بکەمو بەلگەی زۆرتری بۆ بهینمەوەو خەلکی زۆرتری پی قانع بکەم. بە کورتی دەبی بە شیوەی ئوصولی کار بکەم بۆ سەرخستنی بۆچونو تصوراتی خۆم. لە حیزبی ئیمەدا مجال بۆ کاری لەم بابەتە بە تەواوی ئاوەلایە. ئەم مجادەلەیەی ئیستا بەلگەیەکی ئاشکرایەتی.

سەرەتای تموزی 2007